# کرۆنۆلۆژیای کوردستان

**1925.02.14**

سەرهەڵدانێکی گەورە لە باکوری رۆژئاوای کوردستان بە سەرۆکایەتیی شێخ سەعید دەست پێدەکا . ئەو سەرهەڵدانە دەبێتە هۆی ئازادکردنی یەک لە سێی وڵات لە باکوری کوردستان . شاری ئامێد دەکەوێتە بەردەستی هێزی سەرهەڵدانەکە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هاوکاریەکی گشتی لەلایەن گروپەکانی دیکەی کوردیەوە، بەتایبەت کشانەوەی عەلەوییەکان لە هێزی بەرگریدا و، لە ئاکامی هێرشی 8000 سەربازی تورک بە پشتیوانی فەرانسەویەکان، لە ئاوریلی ئەو ساڵە دا هێزی ڕاپەڕیو تێکدەشکێ. شێخ سەعید و 52 کەس لە یارانی دەگیرێن و لە ڕێکەوتی 1925.9.4 دا،لە ئەڵعەزیز لە سێدارە دەدرێن. لە سەرئەنجامی ئەم شۆڕشە و تێکشکانەکەی دا، زیاتر لە 20000 کەس دەکوژرێن.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ئەو سەرهەڵدانە، سەرتاسەری باکوری کوردستان وەك شەرگەی شەڕ ڕادەگەیندرێت و هەر